سوپای ئیسرائیل ئازادکردنی سێ بارمتەی راگەیاند

سوپای ئیسرائیل ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، پێشوازی لەو سێ ژنە زیندانییە کردوە کە بەپێی ڕێککەوتنی ئاگربەستکردن لەلایەن حەماسەوە ئازادکراون.

وتەبێژی سوپای ئیسرائیل لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ئەو سێ بارمتەیە ئێستا یەکەیەکی تایبەت لە هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل و هێزی شاباکیان لەگەڵدایە و لەژێر چاودێری پزیشکیدان".
بەرەو ئیسرائیل، لەوێ پشکنینی سەرەتایی پزیشکییان بۆ دەکرێت".
وتەبێژی سوپای ئیسرائیل داوای لە ڕایگشتی کردوە "بەرپرسیارێتی و هەستیاری نیشان بدەن و ڕێز لە تایبەتمەندی بارمتەکان و خێزانەکانیان بگرن".
ئازادکردنی ئەو ژنە زیندانیانە لەلایەن بزوتنەوەی حەماسەوە لە یەکەم هێزی ئاگربەست لە کەرتی غەززە دێت، ئازادکراوەکانیش بریتین لە ئەمی گۆنن تەمەن 24 ساڵ، ئێمیلی داماری تەمەن 28 ساڵ، دۆرن شتەینبەر خەیر تەمەن 31 ساڵ.